# پێشەوای موسڵمانان ئافرەتێکی بێدەسەڵات ڕزگار دەکات

[kurdish – كوردی – كردي ]

## شێخ محمد جەمیل زینۆ


وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2015 - 1436

IslamHouse.com

# الخليفة ينقذ المرأة الضعيفة

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# پێشەوای موسڵمانان ئافرەتێكی بێدەسەڵات ڕزگار دەكات

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەو سەردەمەی ڕومەكان ڕوون دەكەنە وڵاتانی ئیسلامی وپادشاكەیان فەرمانی كوشتن وبڕین ئەنجامدان بۆ سەربازەكانی دەردەكات، ئەوە بوو كۆمەڵێكی زۆر لە پیاوانیان كوشت، وكۆمەڵێك لە ئافرەت و منداڵانی موسڵمانیشیان وەك كەنیزەك و دەستكەوتی جەنگ بەدیل گرت، نەك هەر هێندە بەڵكو هەستان بە دەستكاری كردنی لاشەی مردووەكانیش، چاوی هەندێكیان هەڵكۆڵێن ولوت وگوێی ژمارەیەكشیان بڕی، هەواڵی ئەم كارە نەگریسەی ڕۆمەكان گەیشتە ( موعتەصەم ) ی خەلیفە و پێشەوای موسڵمانان، وهەواڵیان پێدا كە ئافرەتێكی هاشمی كاتێك

کەوتوەتە دەستیان پڕ بە گەروی خۆی هاواری کردووە و وتویەتی ( وا معتصماه : ئەی موعتەصەم بگە فریامان )، خەلیفەیش کە ئەم هەواڵەیان پێدا لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی دانیشت بوو، لە وەڵامی ئەو ئافرەتەدا ووتی ( لبیك، لبیك) ئەوە هاتم بەدەم هاوارەکەتەوە، بەڵێ خەلیفە هەستایەوە سەرپێ وبانگهێشتی گشتی ڕاگەیاند و هاواری کرد، هەمووی دەرچن هەموو دەرچن، پاشان سواری ووڵاخەکەی بوو، لەگەڵ خۆیدا جانتایەکی هەڵگرت کە خواردن و پێداویستیەکانی تێدا بوو، هەموو سەربازەکانی کۆکردەوە، و قازی ئەو کاتەی بەغدادی بانگ کرد کە ناوی ( عبد الرحمن کوڕی ئیسحاق ) بوو، لەگەڵ شوعبەی کوڕی سەهل، کە سێ سەد وبیست وهەشت پیاویان لە کەسانی خواناس وئەهلی عەدالەت لەگەڵ بوو، هەموویان گرت بە شاهید لەسەر ماڵ وسامانەکەی، بەشێوەیەك سێ یەکی بۆ کوڕەکەی بێت، سێ یەکێکیشی بۆ بەندەکانی بێت، و سێ یەکێکی کۆتایش ببەخشێت

لە پێناوی خوای گەورەدا، دوای ئەوە لەگەڵ سوپایەکی بێ شوماردا کەوتە ڕێ بەرەوە هۆردوی ڕۆمەکان، کە ژمارەیەك لە سەرکردە سەربازیەکانی لەگەڵدا بوو، لەڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە سوپاکەی لادا و سەربازگەی کردن، لە دوای جەنگێکی دەستە و یەخە و دوور و درێژ سوپای ئیسلام توانی ڕۆمەکان بشکێنن و بیانگێڕنەوە بۆ سنوورەکانی خۆیان، [ بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لەسەر ئەم ڕووداوە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ پەرتووکی الکامل في التأریخ لابن الاثیر، بەرگی ٥/لاپەڕە ٢٤٧ ] .

لێرەدا جێی خۆیەتی هەڵوەستەیەك بکەین لەسەر ئەم هەڵوێستەی ( موعتەصەم ) ی پێشەوای موسڵمانانی ئەو کاتە، بەچ شێوەیەك ڕێز وپلەوپایەی ئافرەت لە ئیسلامدا دەگاتە ئەو ئاستەی کە سوپایەکی گەورەی بێ شوماری بۆ بخاتە ڕێ تاوەکو ڕووبەڕوی سوپای ڕۆم ببێتەوە؛ بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لەدەست بێباوەڕان، هەر بۆیە خەلیفەی موسڵمانان دێت بەدەم

بانگەوازەکەیەوە وخەو و خۆراس وپشوو لەخۆی دەتۆرێنێت تا ئەو کاتەی کە ئەو ئافرەتە لەدەست ڕۆمەکان ڕزگار دەکات، جەنگا لەگەڵیاندا و تەنگی پێهەڵچنین و ناچاری کردن بە شکان و گەڕانەوە بۆ سنوری دەسەڵاتی قەڵەم ڕەوی خۆیان، بەڕاستی ئەم هەڵوێست وڕوداوە ئەگەر بەڵگە بێت لەشتێك، بەڵگەیە لەسەر ڕیز و حورمەت و پلەوپایەی ئافرەت لە ئیسلام و عیزەت وشکۆی موسڵمانان بەرامبەر بە داگیرکارانی وولاتیان .

لە دوای ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی سوپای ئیسلام بەسەر رۆمەکاندا، موسڵمانان هێندەی تر موعتەصەمی پێشەوایان لا بەرێزتر بوو، بەتایبەت دوای ئازاد کردنی شاری ( عەموریە )، ئەوە بوو شاعیران و هونەرمەندان کۆمەڵێکی زۆر لە هۆنراوە و شیعرەکانیان تایبەت کرد بە وەصف وسەنای خەلیفەی موسڵمانان، کە چۆن ئازایانە و لێ بڕاوانە وولاتانی ئیسلامی لەدەست ڕۆمەکان دەرهێنا و ڕزگاری کردن لەدەست زوڵم و

ستەمی ئەوان ...

ئەی خوای گەورە : پێشەوای دادگەر و زانا و دانا بنێرە بۆ موسڵمانان، و ئەوانەش کە هەن ئێستا موەفق و سەرکەوتویان بکە بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان ..

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

سەرچاوە : پەرتوکی ( تكريم الإسلام للمرأة )

نوسینی : شێخ محمد جمیل زینۆ